هەرێمە بڕیاری دا لە زووترین کاتدا ڕێگە بە دەستپێکردنی هەناردەی نەوت بدات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا ڕایگەیاند: لە پێناو هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی، بڕیاریان داوە لە زووترین کاتدا ڕێگە بە دەستپێکردنی هەناردەی نەوت بدەن لە ڕێگەی بۆڕیی هەرێمی کوردستانەوە. هاوکات جەختی لە بەردەوامیی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا کردەوە بۆ هەڵگرتنی ڕێگریی بازرگانییەکان و پاراستنی سەلامەتیی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز.

سێشەممە، 17ـی ئاداری 2026، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئێکس) پەیامێکی بڵاو کردەوە.

لە پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتدا هاتووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە نائاساییەی کە ڕووبەڕووی وڵات بووەتەوە و ئەو بەرپرسیارێتییەی کە ئەرکی هەموومانە کار بکەین بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سەختە، بڕیارمان دا کە لە زووترین کات دا، ڕێگە بدەین نەوت لە ڕێگەی بۆریی هەرێمی کوردستاندا هەناردە بکرێت.

مەسرور بارزانی، دەڵێت: لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ گفتوگۆکانمان بەردەوام دەبن، بۆ ئەوەی بە پەلە ئەو ڕێگریانەی خراوەتە سەر هاوردە و جووڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان هەڵبگیرێن، هەروەها دابینکردنی گەرەنتی بە کۆمپانیاکانی نەوت و گاز تا بتوانن بە سەلامەتی دەست بە بەرهەمهێنان بکەنەوە.

لە کۆتایی پەیامەکەدا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس و پێزانینی بۆ ڕۆڵ و پاڵپشتیی هاوبەشە ئەمرییەکان لە پرۆسەکەدا دەربڕی.